# یادی حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخ عوثمان سیراجوددین

## لەدایکبوونو خوێندنی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

ئەم ذاتە لەناو چوار کوڕە ئیرشادکەرەکەی شێخ عوثمان سیراجوددیندا کوڕی دووهەمیانە ، لە وەرزی بەهار ، لە پێنجـی موحـەڕڕەمی ١٢٥٣ی هیجرەتدا لەدایکبووەو دایکی وا مەشهوورە برازای مەولانا بووە ٠ مەلا حامیدی کاتبی شێخی باوکی بەبۆنەی لەدایکبوونیەوە ئەم پارچە شیعرەی وتــووە :

تعالی آن خداوندی که تصویر کمال او
برون از حیطهء تحریر فکراست و خیال او

بود یك کاسه فردوس نعیم از خوان احساسش
بود یك پایه عرش اعظم از تخت جلال او

بهار عیش خرم پنجم ماه محرم بود
که از نو غنچهء بشکفت از باغ نوال او

گل گلزار عثمانی ، نسیم باغ رضوانی
زهی آیینهء حسن خداوندی جمال او

چو نامش عبدرحمان گشت شد این نکته معلومم
که هست از عین رحمت شخص قدوسی مثال او

ز سیمایش چو خور نور سعادت میشود لامع
تو برخیزو سلامت ختم کن یا رب مآل او

به فکر اندر فرو رفتم ، شنیدم هاتفی گفتا
« جمال باغ معنیها » [1] پی تآریخ سال او

ئەم ذاتە قورئانو وردە کتێبە سەرەتاییەکانی بە منالّی لە خانەقای خۆیاندا لەگەڵ شێخ موحەممەد بەهائوددینی برای لای مەلا مەحمـــوودی دشەیی خوێندووەو عیلمەکانیشی لای مەلا حامیدی کاتبو مەلاکانیتــری خانەقا خوێندووەو تەریقەتیشی لەسەر دەستی باوکیا وەرگرتووەو ئیجازەی خەلافەتی لەوەوە دراوەتێ • وەك لە مەیدانی تەریقەتدا بە وەسیەتی بـــاوکی بووە بە مورشید لە مەلایەتییشدا پایەیەکی بەرزو بڵندی بووە •

## خێزانو منالّی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

ئەم ذاتە وەك زانراوە تەنها یەك ژنی هێنـــاوە • ئەم ژنەیـــش (خاتو لەیلێ)ی خوشکی کاك عەبدوللاو ئامۆزای ئەحمەد پریسیبە • لەم ژنە تاقە کوڕێكو چەند کچی بووە ، کوڕەکەی شێخ تاجوددینە کە پاشان بووە بـــە شێخی طەریقەتو لە هەولێر نیشتەجی بووەو ، لە کچەکانیشی تەنهـــا ناوی خاتو خورشیدیانم بۆ دەرکەوتووە کە شووی کردووە بە مەلا صالّحی کوڕی مەلاعوثمانی کانیکەوەیی •

## سەفەرەکانی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

ئەم ذاتە وەك هەریەك لە گەورە پیـــاوانی وەك خۆی گەلێ ســـەفەری کردووەو ئێمەیش لێرەدا باسی دوو لەو سەفەرانەی ئەکەین چونکە بەهۆی مەبەست لێیانەوە لە سەفەرەکانیتری بایەخدارترن •

---

(١) بە حیسـابی حەرفەکانی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٥٣ .

سەفەری یەکەم لە سالی ١٢٧١دا بۆ سنە لەسەر داوای زانایانو گەورە پیاوانی ئەو شارە بۆ لای ئەمانوللا خانی والی کە مەشهوور بووە بە غولام شا خان بۆ ئامۆژگاری کردنو پەشیمان کردنەوەی لەو نیازەی لە کەللەیا بووە کە بانگ کردنی خەلکی شارەکە بووە بۆ بوون بە شیعە •

ئەمانوللا خان ویستوویە حاجی کەریم خان ناوێکی موجتەهیدی شیعە لە هەمەدانەوە بێنێ بۆ سنەو خەلکی شارەکە بانگ کا لەسەر دەستی ئەودا ببن بە شیعە • خەلکەکەش ئەمەیان بەلاوە قورسو ناپەسەند ئەبێو پەنا ئەبەنە بەر شێخ عوثمان سیراجوددین چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە • ئەویش شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفاو حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەییو سەیید عەبدولڕەحیمی مەولەویو گەلێ مەلای گەورەی تر ئەنێرێ بۆ سنە بۆ لای ئەمانوللا خان• ئەمانە کە ئەگەنە بەرەوە قەرەبالغێکی گەورە لە مەلاو پیاو ماقوولو بازرگانو کاسبکاری سنە تا دوو سەعاتە ڕێ بەپیریانەوە دێنو بە قەدرو حورمەتەوە ئەیانبەنە ناو شار ، بەلام کە چاویان بە ئەمانوللا خان ئەکەوێ لەگەلی ناگەنە ئەنجامو ئەو لە ئارەزووی خۆی دەس هەلناگرێ • لەگەل ئەوەیشدا ئاواتەکەی هەر بۆ ناچێتەسەرو ئیرادەی خوا وائەبێ موجتەهیدە هەمەدانییەکە بۆی ڕێك ناکەوێ بێتە سنەو ئەمیش کەسێکی ئەوتۆی دەس ناکەوێ یارمەتیی بدا بۆ هێنانەدیی نیازەکەیو عومری ئەمانەتیش مۆلەتی نادا ئەمرێ ••

سەفەری دووهەمی ئەوەیە کە کوردستانی بەجێ هێشتووەو بەیەکجاری چووە بۆ بەغدا •

پێشتر گێڕامانەوە کە شێخ عوثمان سیراجوددین وەسیەتی کردووەو وەسیەت نامەکەیشمان نووسیبەوە کە پاش وەفاتی خۆی شێخ موحەممەد بەهائوددینو شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا پێکەوە ئیرشادو ڕێنموونیی

موسولمانان بکەن بۆ ڕێی شەریعەتو طەریقەت • بەپێی ئەم وەسیەتە شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا لە سەرەتادا تا چەند مانگێ لە خزمەتی کاکیا ئەمێنێتەوە • پاشان بەهۆی ئەوەوە کە هەندێ قسەی لە چەند کەسێکەوە بەرگوێ ئەکەوێتەوە گوایە ئەیەوێ مونافەسەو بەربەرەکانێی کاکی بکا لە ئیرشادداو ، لەبەرئەوە کە شتیوای لە دڵدا نەبوەو نەشیویستووە دڵی کاکی گەردی لێ بنیشێ ، خانوویەك لە دێی (گوڵپ) دروستئەکا بۆ خۆیو ئەگوێزێتەوە بۆ ئەوێ • بەڵام لەوێیش نامێنێتەوەو پاش چەند مانگێ گولپیش بەجێدێلێو لەگەڵ شێخ موحەممەدی قەرەداغیو مەلا فەتحوڵڵا[2] ناوێکدا بەرەو بەغدا ئەکەوێتەڕێو بەیەگجاری لەوێ لە بارەگای حەزرەتی غەوثدا سەقامگیر ئەبێ •پاش دامەزرانیشی لە بەغدا خێزانەکەیشی ئەهێنێ بۆ لای خۆیو ، ئەنجا لەوێوە ئەچێ بۆ سەفەری حەجو [3] زیارەتی مەدینەی مونەووەرەیش ئەکاو لەوێوە ئەگەڕێتەوە بۆ بەغداو ئیتر دەستئەکا بە طاعەتو عیبادەتو ڕێنموونی کردنی موسوڵمانانو خەڵکێکی زۆری لێ خڕئەبێتەوەوتەنانەت والیی بەغدا چەند جار چووە بۆ زیارەتیو ، ئەگەر مەرگ مۆڵەتی بدایە ڕێو شوێنێکی گەورەی لە بەغدا دەسگیر ئەبوو خزمەتێکی زۆری موسوڵمانانی ئەکرد •

---

(٢) وابزانم ئەم مەلا فەتحوڵڵایە مەلا فەتحوڵڵای ڕێژاوییە کە ئیجازەی مەلایەتیی لای مەولەوی وەرگرتووەو یەکێك بووە لە مەنسووبەکانی خانەدانی شێخ عوثمان سیراجوددین .

(٣) بە بۆچوونی من شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا ، زیاد لەوە کە ویستوویەتی واجبی حەج بەجێبهێنێ ، ویستوویشیە لە حیجاز چاوی بە هەندێ لە گەورە پیاوانی هیندستان بکەوێو لە ڕێگای ئەوانەوە بڕوا بۆ ئەوێ بۆ ئیرشاد ، چونکە لە ژیانی باوکیشیدا ئەم ئارەزووەی لە دڵدا بووەو باوکی ڕێینەداوە . ئیتر نازانم ئەم چاوپێکەوتنەی بۆ ڕێکەوتووە لەم سەفەرەیدا یانە .

## کۆچی دوایی حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا پاش گەڕانەوەی لە سەفەری حەج بۆ بەغدا ، بە ماوەیەکی کەم ، نەخۆش ئەکەوێ و لە سالی ١٢٨٥ی هیجرەتدا کۆچی دوایی ئەکاو لە قەبرستانی غەزالی ئەنێژرێ ، بەلام پاشان گوێزراوەتەوە (٤) بۆ قەبرستانی حەزرەتی غەوث و لەبەری ڕۆژاوایەوە بەجۆرێ کە قەبر نەکەوتووەتە پێش دەمیەوە ، ئەنێژرێ • لای ڕۆژاوای قەبرەکەشیەوە قەبری مەلا یەحیای مزووری و شێخ هیدایەتی هەولێری یە کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی مەولانا • قەبری شێخ ڕەزای تالەبانی یش لە نزیکی قەبری حاجی شێخ عەبدولڕەحمانەوەیە •

## نامەیەکی حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا بۆ موحەممەد پاشای جاف

ئەگێڕنەوە کە حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا هەورامانی بەجێ هێشتووەو چووە بۆ بەغدا ، بە ڕێی گەرمیانا ڕۆیشتووە • گوایە

---

(٤) وەکوو بیستوومە حاجی شێخ عەبدولڕەحمان وەسیەتی کردووە کە لە قەبرستانەکەی پاڵ ئارامگای حەزرەتی غەوثدا بنێژرێ ، بەلام پاش کۆچی دوایی کردنی وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکراوەو لە قەبرستانی غەزالیدا نێژراوە . مەشهوورە شەو حەزرەتی غەوث دێتە خەوی نەقیبی ئەو سەردەمەو فەرمانی ئەداتێ کە تابووتی جەنازەکەی حاجی شێخ عەبدولڕەحمان بگوێزرێتەوە بۆ قەبرستانی لای ئارامگای خۆی . نەقیب کە خەبەری ئەبێتەوە گوێ بە خەوەکەی ناداو ئەنوێتەوە . دیسانەوە حەزرەتی غەوث دێتەوە خەوی و هەر بەمجۆرە تا سێ جار . لە جاری سێهەما حەزرەتی غەوث زۆر بەسامەوە دێتە خەوی و عاساکەی لێ ڕاست ئەکاتەوەو هەڕەشەی لێ ئەکا . ئەمجارەیان نەقیب زۆر بەترسەوە خەبەری ئەبێتەوەو بڕیاری گواستنەوەی تابووتەکە ئەداو بۆ سبەینێ دەری ئەهێنن و لە قەبرستانی لای ئارامگاکەی حەزرەتی غەوثدا ئەینێژنەوە.

ئەبوو لە ڕێ لابداتە ماڵی موحەممەد پاشای جاف ، بەڵام لای نەداوە • موحەممەد پاشایش بەرگوێی کەوتووە یا خۆی خەیاڵی کردووە کەوا حاجی شێخ عەبدولڕەحمان بە دڵ عاجزی‌یەوە لە هەورامان هەڵکەنراوە ، لەبەرئەوە نامەی بۆ نووسیوەو ناردوویە بەشوێنیا بڕوا بۆ ماڵی ئەو • حاجی شێخ عەبدولڕەحمانیش عوزری هێناوەتەوە کە ڕێگاکەم وانەبوو بتوانم لابدەم‌و لەبەر عاجزی‌یش هەورامانم بەجێ‌نەهێشتووەو ، نامەکەی بە مەلا فەتحوڵلادا ئەنێرێ بۆ پاشاو تیا ئەنووسێ بۆی کە ئەوی ڕاسپاردووە هەموو شتێکی بۆ ڕوون‌بکاتەوە : ئەمەیش ئەو نامەیە :

آنچه از من گم شده گر از سلیمان گم شدی
بر سلیمان هم پری هم اهرمن بگریستی

( اللهم اجعلنی من اولیائك الذین اذا أصابتهم مصیبة قالوا انا لله وانا الیه راجعون ) • قرنی‌است که چنین رخنه در اسلام نیفتاده ، و مدتی‌است که گردش روزگار گلهای داغ‌را به این رنگینی بر دلهای فراغ ننهاده ، و دست بیداد ستم‌را به این گونه تظلم به این زودیها بر اهل عالم نگشانده‌است :

یا رب بنای عالم ازین پس خراب باد
افلاك‌را درنگ‌و زمین‌را شتاب باد

حق سبحانه چنانچه به حسب ظاهر شخصی مقدس حضرت ایشان‌را قدس سره از نظر ما بی‌بصیرتان دور و مستور ساخته ، مارا از فیوض روح پرفتوح حضرتش نور الله ضریحه محروم و مهجور نسازد (انه علی کل شیئ قدیر ) •

مکتوب سرکار امیر از منزل (تیله‌کو) عبورکرده به فقیر رسید ،

و اگر موانع قدریه نمیبود بی‌اظهار آن طرف خود شرف ملاقات‌را رغبت مینمود •

جناب فضائل‌مآب کمالات اکتساب ملا فتح‌الله سفارش کرده میخواستم که از طرف فقیر سفیر خدمت شود ، و بدلا عنی از هر مقوله حکایت نماید ، و چنانکه باید دریچهء روایات صحیحه‌را بگشاید تا خاطر شریف از تفکر حرکت فقیر آسوده گردد و خیالت به تردد از تأمل در سفرم آلوده نگردده

من نه به اختیار خود میروم از قفای او
او به کمند عنبرین میکشدم کشان کشان

حال جناب طریقت‌مآب شیخ محمدرا در هر باب وکیل ساخته که مطالب به تفصیل معروض نماید • سعادت مقرون و دولت روز افزون باد • والسلام •

**عبدالرحمن**

## بەشێکی دیوانی شیعری
## حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەدیبێکی ناسك‌و شاعیرێکی پایە بڵندی چەرخی خۆی بووە • دیوانێکی شیعری بە فارسی هەیە ، بیستوومە لای کوڕەکانی شێخ صادقی برازایەتی کە جاران لە دێی (گولپ) دائەنیشتن • بەشێکیشی لە کەشکۆلەکەی حاجی مەحموودی یارەویس لە دێی (تەپی سەفا )ی شارەزوورو بەشێکی‌کەی لە کەشکۆلەکەی مەحموود پاشای جافدا نووسراوەتەوە کە ئێستا لە کتێبخانەکەی خوالێخۆش‌بوو حەسەن بەگی عەلی بەگی کوڕەزایدایەتی • هەروا سەیید طاهیری هاشمیی دەوڵەتاواییش

بۆی نووسیبووم که لای ئەویش هەیە ، بەڵام بارو دۆخی ڕۆژگار مەیدانی نەدا وێنەیەکیم بۆ بنێرێ، من خۆم گەلێکیم دەسگیر بووبوو، بەڵام ئەویش لە بارو کۆچدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌که بەشێکی فەوتا • ئێستا ئەو ئەندازەیەی لە بەردەستمایە لێرەدا ئەینووسمەوەو بەهیـوام ئـەگەر لـە هەلێکی‌ترا ئەوی‌کەیشیم دەس‌کەوت هەمووی بەجارێ بڵاوبکەمەوە(٥)، سەد حەیف‌و داخ که شیعری کوردیمان دەسگیر نەبوە ، جا نازانم بە کوردی شیعری نەوتووە ، یا وتوویەتی‌و دەستی ئێمە نەکەوتووە •

وا لە سەرەتای ئەم بەشەی دیوانەکەیدا ئەم پرسیارو وەڵامە بە شیعرە ئەنووسینەوە که لەنێوان ئەوو شێخ موحەممەد بهائوددینی کاکیا ڕووی‌داوە:

## پرسیاری حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا

سعادت خلعت خاص‌است بر بالای درویشان
زهی خلعت ، زهی کسوت ، زهی کالای درویشان

به جز اندر متاع اتّباع حضرت خاتم
نشد مصروف نقد همت مولای درویشان

عجب بی‌نقش‌و بی‌رنگند ، خوش خوی‌و خوش آهنگند
تو گویی در بشر شد جلوه‌گر مولای درویشان

ازان ترسم اگر گوید به جای نازك انجامد
که از درك‌است بیرون رتبهء اعلای درویشان

---

(٥) لە کاتی لەچاپدانـا بۆم ڕێـکەوت ئـەم ئەنـدازە شیعرانـەی لـێرەدا بڵاوکراونەتەوە ، لەگەڵ نوسخەی دۆستی خۆشەویستم شێخ ئەمـینی نەقشبەندی بەراوردو هەڵەکانی لە ڕووی ئەو نوسخەیە ڕاستبکەمەوە.

(وفا) از (بوالبها) پرس ، این حدیث نازك او داند
عبارت از چه باشد طرهء لیلای درویشان

**وەلامی شێخ موحەممەد بەهائوددین**

بود مرآت وحدت جبهەء اجلای درویشان
بود رمز از یکی همچون الف بالای درویشان

زمین ساکن ز عکس قوەء پر نور ایشان‌است
فلك برپا بود از همت والای درویشان

کمال قدرشان از عرش بالاتر بود ، اما
نگنجد در عبارت رتبەء اعلای درویشان

بساط دهر گویی باغ جنت گشته از بهجت
چنان پر گشته‌است از نعمت والای درویشان

به نزد (بوالبها) هست از تجلیهای آثارش
عبارت جعد و زلف طرهء لیلای درویشان

( وفا ) گفتی عبارت از چه باشد طرهء لیلی
ز من بشنو که هستم چاکر و لالای درویشان

ئەمەش ئەو بەشە قەسیدانەی دیوانەکەی کە دەسگیرمان بوون :

**بسم الله الرحمن الرحیم**

ـ ا ـ

( ۱ )

نمیدانم چه افتاد این دل شوریدەء مارا
جنون او تفاوت می‌نداند شهر و صحرارا

بسی محنت کشید این دل ز حق خدمتش روزی
کنم اورا فدا مه طلعت خورشید سیمارا

اگر یك ره ملامت‌گر رخ نیکوی تو بیند
روا دارد به حسن یوسف آن عشق زلیخارا

ببخشد مردهٔ صد ساله‌را جان شربت لعلت
چ خوش احیا نمودی جان من نام مسیحارا

(وفا) از پرتو آن خوی و روی آتشین باشد
که دل چون شعله غرق سوختن خواهد سراپارا

(۲)

برده چشم نیم مستت آنچنان از جا مرا
می‌تراود همچو مینا می ز هر اعضا مرا

همچو ماهی گرچه در بحر سکوتم غرق لیك
طوطی آسا نام جانان میکند گویا مرا

پیش ازین من ناصحا هم طرز و طوری داشتم
حسن بالا دست او کرد این چنین رسوا مرا

در بیابان جنون با هر خسی خوش الفتی‌است
زانکه بویی بر دماغ آید ازین صحرا مرا

باغبان بهر خدا روزی دو با من صبر کن
چون (وفا) باشد به هر گل الفتی تنها مرا